
# برینێکی سەدان ساڵە



برینێکی سەدان ساڵەم و ئەیانەوێ دیسانەوە
لە بنەوە، لە ڕەگەوە، هەڵمکێشن و
بمدەن بەدەم "با"و تۆفانی مێژووەوە،
هاوارێکم قیژە سووتاو
ئەیانەوێ زایەڵەم لە قورقوراگەی کەرت بووما
قەتیسکەن و بمخەنەوە
نێو سندوقی سەرنێتراوەی سیاسەتەوە،
ئازارێکم سێ سەد ساڵە شاخە و شاخ ئەکەم
ئەیانەوێ بمگرن و ناوم لەسەر نەخشەی لەت و پەتبووی
ئەم مەملەکەتی شەهیدانەدا بسڕنەوە،
سێ سەد ساڵە نامەی وڵاتێکی غەدر لێکراوم
بە چنگەگرکێ و بە هەڵەداوان
خۆمکرد بە سندوقی پۆستەکانی یەک بە یەکی ماڵەگەورە و گرانەکانی
سیاسەتی جیهانا
بۆ چاوتروکانێکیش چییە نەیانخوێندمەوە،
کەچی ئێستا هەمان نامەم
هەمان ئازار و قیژەم
شاڵێکی گازەلیی ئەنفالم داوە بەسەر شان و ملدا و
هەڵەبجە گەردانەی پێنج هەزار دەنکەی سووتماکی ئەم خاکەی لەمل کردووم
قەڵاتانیش بۆتە سێبەری برینی باڵام
دوای سەدان ساڵ دێمەوە نێو دەرگەی ئەم ماڵە نەفرەتییە
هاوارم نەعرەتەی سەیوانستانی مێژووە
کەچی ئەوان دیسان کەڕن

دیسان کوێرن
له دووره‌وه فه‌رمان به خورامکه‌یه‌کی به‌رده‌ستیان ئه‌که‌ن که بێته‌لام،
نۆکه‌ری کۆشک تورک زمانه
که لێمنزیکده‌بێته‌وه
به شمشێره‌که‌ی ده‌ستی له ناوقه‌دا ئه‌مبڕێته‌وه،
بێچووی هاروون هه‌ر ناوه‌ستێ
هه‌تا فواره‌ی خوێنی که‌رته‌که‌ی تریشم ئه‌خواته‌وه،
نۆکه‌ری کۆشک عه‌ره‌ب زمانه
که لێمنزیکده‌بێته‌وه
به قورئانه‌که‌ی ده‌ستی له ته‌وقی سه‌رمه‌وه
تا بنی پێم سه‌رله‌نوێ ئه‌نفالم ئه‌کاته‌وه،
نۆکه‌ری کۆشک فارس زمانه
له‌ژێر عه‌باکه‌ی به‌رییه‌وه سه‌گه‌کانی قاجاریم تێبه‌رئه‌دا و
ئه‌مکات به‌شیشی خه‌م و تاوانی"قه‌رنا"یه‌کی تره‌وه،
*

دامه‌مرکێن ئه‌ی گه‌له‌که‌م
ئه‌وه‌تانێ دیسان بێچووی سوڵتانه‌کان
خه‌نجه‌ره‌کانیان له بابی عالی مێژووه‌وه
عه‌با و چه‌فته‌که‌ی هاروونیان به‌سه‌ر شانی خه‌م لێنیشتووی سه‌رده‌ما داوه،
دامه‌مرکێ ئه‌ی خاکه‌که‌م
ئێمه هه‌موو چنگ و مه‌چه‌ک و
دیده‌ی دواڕۆژ و هاوار و زریکه‌ی تۆین
له کوێ کێردی تاوان خۆی له گه‌ردن و ملی بوونت بسوێ
ئێمه له‌وێین،
له‌م ڕۆژه‌دا ئێمه‌ی چوار له‌ته برین
باکور و باشورمان تفه‌نگه‌که‌ی شانتین،
له‌م ڕۆژه‌دا ئێمه‌ی خۆراکی نێو تاسه‌ی چوار دالاش
خۆرهه‌ڵات و خۆرئاوامان
بۆ مانه‌وه‌ی تۆ به‌پێوه پێشمه‌رگه‌ی نێو یه‌ک سه‌نگه‌رتین،
ئه‌ی دالاشه‌کانی بێچووی سوڵتان
ئه‌وه ئێمه‌ین هه‌تا دوا تنۆک خوێنی وه‌چه‌مان
مۆڵگه به مۆڵگه‌ی کۆشکی تاوانتان ئه‌کووتینه‌وه

ئەوەی بێکەسی سەردەمین سرودەکەی قەومی کورد
گەوە بە گەوە و شاخ بە شاخ ئەڵێینەوە،
کرمانجین
لە لای میری بۆتان و دیوەخانەکەی یارگەلی
جەلادەت بەدرخان پاشاوە هاتووین،
شوکاکین
لە کەلێنی خەنجەرەکەی بەربەرۆکی
ئیسماعیل ئاغاوە هاتووین،
ئالای ئەم گەل و خاکەین
لەلای ڕەنگەکانی پەلکەزێڕینەی
شێخ عوبەیدەلا و قازییەوە هاتووین
بۆ چقڵی چاوی بوونتان
خۆمان لەسەر لوتکەی مێژوو هەڵئەکەین،
بمانکوژن بمانبڕن
لەجێی چوار لەت چوار جاری تر کەرت کەرتمانکەن
خاکتان بەسەر لە ڕۆژێکا چوار هەزار جار
منداڵانی سەر بێشکەی سوڵتانەکانتان ئەدەین لەدار،

پۆلا سەعید
27.02.03